# سەمای نیگەرانیی

فەرهاد چۆمانی

دەڕوانمە ئاوێنە، کەمێک نزیکتر دەبمەوە و بە وردی سەرنجم دەچێتە سەر مەودای نێوان ئەبرۆ و چاوەکانم، مووکێشەکە بە باشی کاری خۆی کردووە، دەخەنمەوە و خۆم ڕاست ڕادەگرم.

دەستم بە قژمدا دەهێنم و لەسەر شانم ڕایدەگرم؛

- ئاوا جوانم.

لەبەرخۆمەوە وادەڵێم، لەم جۆرە قسانەم زۆرن لەگەڵ خۆم، ناوم ناون "فێڵەکانی ئومێدبەخشینەوە."

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نیگەرانی سەرنجدانی ئەو پیاوانەم، کە پاش کەمێکیتر، لەدوای چوونەدەرەوەم لە ماڵەکەمانەوە تا شوێنی کارەکەم دەمبینن، دەبێ چی لەبارەی ئەو بینینە کورتخایەن و زووتێپەڕانەوە بڵێن، کە لەگەڵ هەندێکیان بێنیاز و لەگەڵ هەندێکیتریش بەخواستی دڵی هەردووکمان نیگامان یەکانگیر دەبێ؟

حەزم لە دڵەخورپەی ئەو پیاوانەیە، کە هێزێکی شاراوەی کاریگەریان هەیە

بۆ ئەوەی عاشقیان بم، ئەو کاتانەی نیگامان یەکانگیر دەبێت و لەساتێکدا بەلای یەکتردا تێدەپەڕین، لە دڵەوە حەز دەکەم تکای لێبکەم بوەستێ و قسانی دڵی خۆی بکات، هەر شتێک بێت. پێمبڵێ لەو کاتەدا بیری لەچی کردەوە و چ وێنەیەک لەخەیاڵیدا دروستبووە؟ بەڵام لەم شارەدا، بوێریی دەوێت ئەوە بپرسم، سەرکەشییەکی شێتانەیە دەمی پیاوێک بکەیتەوە، کە ڕەنگبێ دەم نەبێت، کونی زەردەواڵەی دەیان قسەی تاڵبێت.

توێی ستیانەکەم هەڵدەکێشم و مەمکەکانم بەرز دەکەمەوە، بۆ ئەوەی هەرمێلە و قیتتر دیاربن، سووراوەکەم بە شێوەیەکی یەکسان هەموو لێوی گرتووم، قەیتانەکەیشی تەواوە، قژم بە باشی ڕەنگە قاوەییەکەی گرتووە، ماوەتەوە جلەکانم، دەبێ شێوەی بەدەستەوەگرتنی چانتاکەشم ببینم، ئینجا دەڕۆم.

هەوا کەمێک گەرم بووە، لەم وەرزەدا چوونە بەرخۆر چێژی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ماکیاژەکەم بە جۆرێک کردووە بە گەرمی هاوین دانەچۆڕێ.

دایکم لە هەورەبانەکەوە خشەی دێت، لەبەر خۆیەوە شتێک دەبڵمێنێت، پێم وانییە لەوەوە بێت شتێکی ونکردبێت، ئەوە شەڕی دووراو دوور و لەپەنا دیوارە لەگەڵ من.

- ئافات لەم چاوانەی تۆ شەپۆل دەدات.

هەمیشە وام پێدەڵێت؛ ئێمە شەڕ وەک زریان و گەردەلوول دەوروخولمان دەدات و جار جار پرسیارە کورت و لەپڕەکانی باوکم ڕامان دەگرێت، دەپرسێت؛

- "چی بووە؟" وەک ئەوەی هەمیشە لە شتێکی پەنهان و شاراوە بترسێت. بەڵام ئەو هەر دەپرسێت و ئێمەیش هەمیشە بێوەڵام دەبین، یان بەیەکەوە دەڵێین "هیچ!"

ماڵەکەمان کۆشکێکی ڕازاوەیە، لە ڕۆژهەڵاتی شار، لەنێو کۆڵانێکی وێران و پەڕپووتدا، بەجۆرێک لەچاو هەموو ماڵ و خانووە داڕزیو و بەلاداهاتووەکانی دیکە، دیوار و پەنجەرە چوارچێوەدار و ڕووناکی چلچرای ژوورەکان، سەرنجی هەموو کەسێک ڕادەکێشێ، ئەگەر

سەرنجی تۆی ڕانەکێشابێت، بەهۆی ئەوەیە، کە ڕێگەت نەکەوتووەتە گەڕەکــی بــەڕۆژ. کۆڵانێک، کە دایک و باوکم بێز لە منداڵە چڵمن و چڵکنەکانیان دەکەن، کە لە بەیانییەوە کۆڵانەکە پڕ دەکەن لە قاقای پێکەنینێک، کە بەدەگمەن لەنێو کۆشکەکەی ئێمەدا دەتوانیت گوێت لێــی بێت، ڕقیان لە ســادەیی ئەو ژنەی جیرانمانــە، کە دووگیانە و هەرچۆنێکیــش بجوولێتەوە ســێ منداڵی بەدوایــەوەن، بەڵام لەتێک نان بەسە، کە بەدەستیانەوە بێت و بە ئیشتیایەکی زۆرەوە بە ئاوی دەمیان نەرمی بکەنەوە و بیخۆن.

لەوەیــە باوکم تەنیا بــۆ ئەوە هاتبێتە ژیان، کۆشــکێکی ڕازاوە، ماڵێکی ئامادە و بێوێنە بە کەلوپەلی دەگمەن، دروست بکات. چونکە لەم کۆشکە دوو نهۆمییە سەرتاپا سپییە بەولاوە، شتێک شک نابات لەدوای خۆی بەجێی بهێڵێت.

بەنێــو کۆشــکە بێدەنگ و ڕازاوەکــەی ماڵەکەمان وەک ســێبەر ڕێدەکــەم، هیچ شــتێک بۆ من گەرم نییە و هەمیشــە ســاردییەکی شاراوە و لە ڕامانەهاتوو، وەک تەم و شێ بەنێو ماڵەکەدا دەگەڕێ. بەلای ئاوێنە چوارچێوە زیوینەکانی هۆڵی دانیشتنی نهۆمی خوارەوە تێدەپەڕم و ئاوڕێک لە خۆم (ڕاســتترە بڵێم لە کچی نێو ئاوێنەکە) دەدەمــەوە و ســاتێک لێــی دەڕوانم، گوارە کریســتاڵەکەی گوێی بە ڕووناکــی چرای لادیوارەکان دەبریســکێتەوە، خاڵی لا ملی، کە ڕێک کەوتووەتە ژێر گوێی ڕاســتییەوە، وەک هەمیشــە ڕەش و بەرچاوە، خۆپەرســتانە نەبێ، دەڵێم چاڵــی ڕوومەتەکانی ئەوەندەیتر جوانیان کردووە، ئەدگارێکی خەندان و شیرینیان پێبەخشیوە، قژە قاوەیی و تاڵ زەردەکانی لە دەوری سەری کۆکردووەتەوە و لەدواوە کەزییەکی پان و درێژی تا نێو شانەکانی هاتووەتە خوارەوە، ئەو کچە منم.

هۆڵەکە پڕبووە لە دەنگی ســێمفۆنیای لیۆش یاناچیک، کە بەم بەیانییــە هێمنــە ماڵەکەی پڕکــردووە لە ژاوەژاو، ســەلیقەی هەموو بەیانیانی باوکمە، من هەناسەم پێی تەنگ دەبێت و ئەویش لە زووەوە خووی پێوەگرتووە، هەموو بەیانیان لە زەنای سێتی کەمان و ڕیتمە لەناکاو زرمە لێهەستاوەکانی بەئاگادێمەوە، هەراوزەنایەک، کە باوکم

بەچێژێکی زۆرەوە گوێی لێدەگرێت.
– ئاگاداری خۆتبە لە کۆڵان، لە دەرەوە، لە هەموو شتێک، زووش بگەڕێرەوەماڵەوە.
دایکم ئاوا دەنگم دەدا، منیش هیچ ناڵێم. ڕاستتر، تورەیی ناخم زمانی بەستووم.
– بیستت؟ تێگەیشتی کەزبەل؟ (کەزبەل ناتۆرەیەک بوو، دایکم دابوویە پاڵم، قەت نەمزانی مانای چییە، هەرگیزیش نەمپرسی)
بە دەنگێکی بەرز دەڵێم؛
– نا، بۆ زۆر شت تێنەگەیشتن باشترە!
وادەڵێم و دەرگەی دەرەوە دەکەمەوە و نیگاکانم، وەک پۆلێک کۆتربن بەنێو درێژبوونەوەی کۆڵانەکە بەرەڵڵا دەبن. بۆنی نانی تەنوورە گڵینەکەی نانەواخانەی نزیک ماڵەکەمان، بەر لە هەر بۆنێکی تر، لووتم پڕ دەکات و قووڵ هەڵیدەمژمە ناو سییەکانم، بۆنی ژیانی لێدێ. دەچمە بەردەم مێزی نانەکە و کوڕێکی باڵابەرز، خامێکی سپی لەنێوچاوانی بەستووە و بەتینی گەرما پێستی سوورهەڵگەڕاوە، بە هەموو گەرمیی ئاگرەکەوە نیگای قووڵی چاوەکانم دەکات و بزەیەک دەکات، وەک هەموو بەیانیانی تر، نانێک بە مەقاشەکەی دەستی لە تەنوورەکە دەکاتەوە و بە دەستی دەیداتە دەستم، دەستە گەرم و لووسەکانی بەر دەستم دەکەون، لە خۆمەوە پێم وایە ئەو کوڕە ناوی عیسا بێت، هەر جارێک دەیبینم سەرنجم دەچێتە سەر سنگە پان و ناوشانە بەخۆوەکانی، بەچێژێکی زۆرەوە، هەڵبەت بێ ئەوەی شەرم بکەم، بەدەم خواردنی نانەکەوە دەڕۆم.
چاوێکی خێرا بەنێو شەقامەکەدا دەگێڕم و خەڵکی لەسەر شۆستەکانەوە بە شادییەوە لەیەک تێدەپەڕن، هێشتا خۆر ئەوەندە گەرم نەبووە، بەڵام دووراودوور هاڵاوێک لە سەر شەقامەکە هەڵدەستێ، بە دەنگێکی نزم لەبەر خۆمەوە دەڵێم؛
– دۆزەخ لەژێریەوە گڕدراوە!
من باسی دۆزەخ دەکەم و بیر لە بەهەشت دەکەمەوە.
ئەم جارە دەڵێم؛

- تۆ بڵێی ڕاست بێت؟

بۆ ئەوە پرسیار ناکەم بڕوام بە بوونی هەبێت، پێم وایە بەهەشت تەنیا لەنێو سەری ئێمەدا هەیە. لە هیوایەک زیاتر نییە، وەک پشکۆیەکە تا فووی لێبکەین، زیاتر دەگەشێتەوە، هەر کاتێک لەخەیاڵی خۆماندا بەهەشتمان فەرامۆشکرد، دەبێتە خۆڵەمێش، دەکوژێتەوە. ئەگەر ئەو هیوا بەهەشتی و فیردەوسییانە، وەک وەهمێک نەخرابانە نێو سەرمانەوە، ژیان هێندەی دیکە کوشندە و بێزراو دەبوو.

تا وێستگەی پاسەکان بەپێ و بە خەیاڵی بەهەشتە بۆهیمییەکانی نێو سەرم دەڕۆم، بەڵام نابێ چاوم بەرز بکەمەوە، ختوورەیەک بە دڵم دادێ، دەڵێم نەکا و هەزاران هۆکار لە پشت ئەو ختوورەیەوە ڕیز دەبەستن، سادەترینیان ئەوەیە: نەکا ئازادکردنی سەرنجدان و نیگاکردنم، وەک "بێحەیایی" دەربکەوێ.

سەیری سێبەری خۆمم کردووە و ڕێدەکەم، لێیدەڕوانم، کە چۆن لەژێر پێی ڕێبواران دەپلیشێتەوە و پێپەست دەکرێ، لەسەر ئەم خاکە پێچ دەخوات، دەشکێتەوە، ملی دەپەڕێت، دێتەوە و چەند قەد دەبێت، سەرنجی دەدەم سێبەرێکە تەنیا لەسەر دیوارە سەختەکان ڕاست دەبێتەوە، ئەمە تەنیا سێبەرێک نییە، ڕەگەزی منە، ژنیەتییمە.

لەگەڵ ئەوەشدا یارییەک بۆ من و سێبەرەکەم دەمێنێتەوە، کە دڵم خۆش بکات، سەرنجی سێبەرەکەم دەدەم لەژێرپێی ڕێبواران لە ساتێکی زوو تێپەڕ و لە چاوتروکاندنێکدا قیت دەبێتەوە و بە ڕانی پیاواندا هەڵدەکشێ، بەسەر ئاودامانی عەبای ژناندا خێرا لەگەڵ خێرایی هەنگاونانەکانمان بەنێو گەڵیاندا سەردەکەوێ. من هەست بە ختووکەی بەرکەوتنی لەشیان دەکەم و چێژ لەوە دەبینم، چێژ لەوەش دەبینم دەزانم پەنهانییەکە تەنیا من و سێبەرەکەم دەزانین چەند هەستەوەر و ناخبزوێنە. دواتر سێبەرەکەم، وەک سەمای دۆلفینەکان لەسەر زگ و سنگیانەوە دیسان دەکەوێتەوە خوارەوە، هەست بە تەڕبوونی سێبەرەکەم دەکەم، وەک کەوتنە خوارەوەی سەرلەنوێی دۆلفینەکە بۆ دەریای خاکێک، کە هەست دەکەم بە پاژنەی پێڵاوی ژنانەم سەغڵەت دەبێت.

لەنێو پاسەکە تاکە شوێنێک بەبەتاڵی ماوەتەوە. پیاوێک بە دەموچاوێکی پان و ڕیشێکی تەنک، دەتگوت چاو و ئەبرۆ ڕەشەکانی تەڕن، دانیشتوە. بە جۆرێک سەیرم دەکات وەک ئەوەی ماوەیەکی زۆربێت لە پاسەکە دانەبەزیبێت و چاوەڕێی هاتنی منی کردبێت. جووڵەیەک دەکات و و کورسییەکەی تەنیشتیم بۆ فەراهەم دەکات دابنیشم. لەپاڵیەوە دادەنیشم. هەر کە دادەنیشم ڕانی بە ڕانمەوە دەدا، دەتگوت دڵی لەنێو گەڵیدا لێدەدات. چاوەکانم دادەخەم. دڵی خێراتر لێدەدا. بێئەوەی دەمم بکەمەوە و دەنگم لێوەبێت، دەکەوینە قسەکردنێکی نائاسایی.

– نیوە شەو، کۆشکە سپییەکەی کۆڵانی بەڕۆژ، کاتێک تەنیا چرای ژوورەکەی من نەکوژاوەتەوە و لە ماڵەکە چیتر دەنگی سێمفۆنیای لیۆش یاناچیک نایەت.

دڵی لەنێو گەڵیدا خێراتر لێدەدا، وەک ئامارژەیەک بێت بۆ تێگەیشتن، تووندتر ڕانی بە ڕانمەوە دەنوسێنێتەوە، لەپڕ وەک لە خەوێکی قووڵ بەئاگابێتەوە بانگ لە شۆفێری پاسەکە دەکات، کە دادەبەزێت، بە ترس و تاسانەوە، وەک ئەوەی لە دوا تەماشادا سەرتاپام لە چاوەکانیدا هەڵبگرێ، گەرم و تامەزرۆیانە سەیرم دەکات و دەڕوات، دابەزێ، بەبەردەم پاسەکەدا سوڕایەوە ویستی لە شەقامەکە بپەڕێتەوە، لەپەنجەرەوە سەیری کردم و چاوەکانی کوشندەتر بۆخۆیان ڕایان دەکێشام، دووراودووریش تەڕیەتیان پێوە دیاربوو. لەوە دەچوو ناوم بهێنێت. چەند جارێک بە جووڵەی لێو گوتی؛

– مەریەم، مەرییەم!

چاوەکانم داخستنەوە و لە خەیاڵمدا لەدواوە باوەشم کرد. دەستم بەچاوەکانیدا دەهێنا و پەنجەکانم تەڕ دەبوون. ئەویش، وەک درەختێک بێت و بیەوێ بۆ هەمیشە لەشوێنی خۆی بوەستێت، وەستابوو. پاسەکە کەوتەوە ڕێ، هێندەی نەبرد گوێمان لە جیرەی ستۆپێکی لەپڕ بوو، دەنگی پێکداکێشانێکی توند و هەمووومان ئاوڕمان دایەوە، لەبەردەم ئۆتۆمبێلەکە کەوتبوو، شەلالی خوێن بووبوو.

"هەموومان گیرۆدەی خەیاڵی کەسانی ترین، ئەگەر چارەنووسێک هەبێت، ئەویش لەدەستی خۆماندا نییە. کەسمان نە خۆشبەختین، نە بکوژ و نە قوربانیی، ئەوە ئێمە نین بڕیار دەدەین چین، چی دەبین و چیمان بەسەر دێت، بەهەمان شێوەی خەلق و ئافراندن، مرۆڤەکانیش بە جۆرێک و تارادەیەکی سنووردار هێزی ئافراندنیان هەیە، بەڵام ئەم هێزە لە ئاراستەکردنی چارەنووس شێوەی گرتووە. هەر کاممان خەیاڵ وەک تەون بۆ یەکتری دەچنین و وەک مێش و مەگەز بە تەونی خەیاڵی یەکترییەوە دەبین."

تا دەگەم، دڵڕەقانە بیر لەم قسانە دەکەمەوە، مردنیش بەشێکە لەو یارییە پەنهان و شاراوەیەی لەگەڵ خۆم و سێبەرەکەم دەیکەم.

بۆیە سەوزەکەی دیواری ژووری فەرمانگەکەمان، شێ لێیداوە و تا نێوقەدی دیوارەکە بۆیەکەی لێهەڵبووە. سەرم بەسەر مێزەکەدا گرتووە و بیر لە چاوە تەڕەکانی پیاوی نێو پاسەکە دەکەمەوە، ئێستا دەرک بەوە دەکەم، کە ئەو کاتەی لەبەردەم ئۆتۆمبیلەکە کەوتبوو بە ڕوونی چاوەکانیم بینیوە، تەواو دڵنیام سەیری منی دەکرد، ئەگەرچی گیانی لەبەردا نەمابوو، تەرمێک بوو سارد و وشک، کە خۆشم نازانم چ زوو ئاوا ڕەنگی مردنی گرت. لەگەڵ ئەوەی، کە لە تەرمێک زیاتر نەبوو، بەڵام چاوەکانی فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارەوە!

- بەیانیت باش، چۆنی؟

بێ ئەوەی سەر بەرز بکەمەوە گوتم:

- جەنجاڵ و قەرەباڵغ!

ئارام بوو، پێکەنینێکی گەمژانە پێکەنی.

چاوەکانم کردنەوە و سێبەرەکەم لەسەر مێزەکە دەلەرایەوە، دەمزانی ئەو گڵۆپەی ژوور سەرم، کە بە وایەرەکەیەوە هاتووەتە خوارەوە و دەلەرێتەوە. ئارام دۆسییەیەکی لەنێو لیڤیکسێکی زەرد هێنا و لەبەردەمم داینا، سەری سێبەرەکەم، ڕاستتر بڵێم قژم لەنێو پەنجەکانی دەجووڵایەوە. سەیری چاوەکانیم کرد، لێوەکانی لەرزین و بێدەنگ، وەک ئەوەی بە زۆر دەستی لەنێو قژم دەربهێنێت دەستی کێشایەوە و چووە دەرەوە.

"ئێواران سـێبەرەکان حاکمـی دنیان، ئەو کاتانەیـە، کە مرۆڤ خۆزگـە دەخوازێ سـێبەرەکەی حەقیقەتی خـۆی بوایە و درێژ درێژ وەک سپیندارێک"

بەم خەیاڵە پووچەوە بەرەو ماڵ دەبمەوە و لە ناخەوە خەمگینم دەکات، لەبەتاڵی و هەبوونی بۆشاییەوە نەبێت هیچ ژنێک هێندەی من گیرۆدەی سـێبەرەکەی خۆی نابێت. هەر دوور و نزیکی کۆشـکە ڕازاوەکەی ماڵەکەمان دەبمەوە گوێم لە سێمفۆنیای لیۆش یاناچیکە، تـا کۆڵانەکە دەنگی کەمانـەکان درێژ دەبێتەوە، سـێبەرەکەم درێژ درێژ بەسەر دیواری ماڵەکان لەگەڵ هەنگاونانی من دەکشێ و بەدەم سێمفۆنیتاوە سەما دەکات. سەیری دەکەم و دەخەنمەوە.

چاوم لەسـەر سـێبەرەکەم دەترازێ و دەبینم دیسـان لەبەردەم ماڵەکەمـان وەسـتاوە، وەک ڕۆژان بـە جلی قوتابخانـەوە چاوە پڕ تاسـەکانی لـە هەنگاوەکانـی من بڕیـوە، بەدەسـتێکی کتێبەکانی هەڵگرتووە و بە دەستەکەی تری، پاپیۆنەکەی ڕێکدەخاتەوە، ناوی جوامێرە، منداڵێکی ١٧ سـاڵانە (خۆی پێی گوتم). نۆ سـاڵ لە من بچووکترە، (شـەوێک بەدەم بیرکردنەوە لە دڵی بچکۆلانەی حسـابم کرد.) ئەگەر خۆیشـی شـەرم بـکات بیدرکێنێ، خۆم هەسـت بەوە دەکەم چەند منداڵانە عاشقم بووە.

- جوامێر! ئێوارە چ ڕەنگێکە ئەمڕۆ؟

بە شەرمەوە دەڵێ؛

- سوور دەچێتەوە؟

کە دەڵێ سـوور، بیـرم دەکەوێتەوە ئەمڕۆ ڕەنگی سـتیانەکەی منیش سوورە!

هیچ ناڵێم، سـەیری سنگم دەکەم و لەژێر عەزییە سپییەکەمەوە بە حاڵ ڕەنگە سـوورەکەی دیارە. بە جۆرێک دەوەستم سێبەرەکەم بکەوێتە سـەر جەسـتەی جوامێر، خۆر لەسەر ڕووخسارە منداڵکار و نازدارەکـەی دەتـرازێ و سـێبەرەکەم دایدەپۆشـێ. کەمێـک دووردەکەومەوە. دەسـتەکانم دووراودوور بەرزدەکەمەوە و سـێبەری دەسـتەکانم دەکەوێتە سەر دەموچاوی. نەوازشی چاوەکانی دەکەم.

سـێبەری دەسـتەکانم بە چەناگەیدا دەهێنم؛ بە قژیدا، بە لێوە ئاڵ و لەرزیوەکانی، دەیانهێنمە سـەر سـنگی بچکۆلەی و لەسـەر دڵی خرۆشـاوی ڕادەگرم، دووراودوور لەنێو لەپی دەستم هەست بە ترپە خێراکانـی دڵی دەکەم، دەڵێی چۆلەکەیەکە و لەوێدا عاسـێ بووە و باڵەفرکێیەتی.

ئەو وادەزانێ نمایشـی گەمەیەکی خۆش و منداڵانەی بۆ دەکەم، لەگەڵ هەر جووڵەیەکم زیاتر پێدەکەنێت، پێی دەڵێم؛

– جوامێر تەواو، خۆرئاوا دەبێت، سـێبەرەکەی منیش دەچێتەوەماڵەکەی خۆی، تۆش بگەڕێوە ماڵەوە.

قەیرێ دەوەستێت و دەڕوانێتە چاوەکانم.

– دەمەوێ هاوماڵی بم!

– چی؟

– سێبەرەکەت.

– سێبەرەکەم چی؟

– دەمەوێ هاوماڵی سێبەرەکەت بم.

– نـا جوامێـر، سـێبەرەکەی مـن ماڵـی نییـە. بەشـوێنێکەوە ناگیرسێتەوە. لەسەری مەڕۆ.

بێدەنگ گوێی گرتووە؛

– ناتەوێ تورەم بکەیت وایە؟

پێدەکەنێت و دەڵێ؛

– نا

وەک ئەوەی لە دوا تەماشادا سەرتاپام لە چاوەکانیدا هەڵبگرێ، گـەرم و تامەزرۆیانـە سـەیری کـردم و ڕۆیشـت، دوور کەوتـەوە و سـێبەرەکەی تا بەرپێی من کشـا، هەر بە ئەنقەسـت پێ بەسـەری سێبەرەکەیدا دەنێم و ئەو دووراودوور لەپڕ ئاوڕیدایەوە، قاقا پێکەنیم و بەرەو ماڵ بوومەوە.

**

دەرگەی ماڵەکەمان دەکەمەوە و بۆنی قاوە تێکەڵ بە دەنگەدەنگی میـوان، قریوەی ژن و بۆنی سـیگاری پیاوەکان بـووە. چرای زیاتر

هەڵکراون و سـێبەرەکەم، وەک ئەوەی لەخۆم زیاتر پەلەی بێت، بە بەردەممدا دەکشێ و دەگاتە هۆڵی دانیشتنەکە.
هەموویان لەوێن:ماڵی خاڵوانم هاتوون، خاڵم لە سەر کەرەوێتە درێژە چێوە زیوین و قەدیفە ڕەنگ سـوورەکەی هۆڵەکە سـەرینێکی داناوەتە سـەر کۆشـی دایکم و پاڵکەوتووە، بەدەم جگەرەکێشانەوە بەشـتێک پێدەکەنێت، کە من هێشـتا نازانم چییە، پێدەچێت، وەک هەموو جارێکی تر، بەسـەرهاتێکی بێشـەرمانەی سەفەرەکانی بێت بۆ بەغدا و لە ڕێگەی هاتنەوەدا بێت بە شـاری موسـڵدا. دایکم بە شەرمەوە خۆی پێناگیرێت و پێدەکەنێت، ئێستاش، کە دایکم دەبینم بەهەمان شەرمەوە پێدەکەنێت، تێدەگەم خاڵەم چی گوتووە:
"نەرمین، کامۆ (ئاوا ناوی کامەرانی باوکمی دەهێنا)، کە ڕێگەی گەرم و بێزارکەری بەغدام دەبڕی و دەگەییشتمە موسڵ، لەوێ بەر لە هەر شـتێک ڕووم دەکردە ڕۆژئاوای شـارەکە و دەچوومە سەر گۆڕی نەبی یونس، دوعام دەخوێند و دەگریام، وای چ گریانێک، هام، دوعام بۆ بەختی خۆم دەکرد، لە سۆزانیخانەکان کچۆڵەیەکی جوان و لەبار بێتە باوەشم"
بەدەم قسەکردنەوە مژێکی لە سیگارەکەی دەدا و بەبێ هۆ، وەک ئەوەی پاشهاتی قسەکانی پڕبن لە سەرکەشی، پێدەکەنی و دووکەڵی نێو سنگی قورگی دەگرت و لێکدا دەکۆکی.
هەموویـان پێدەکەنیـن. دایکم بەشـەرمەوە، باوکـم بە ترس و نیگەرانییەوە سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی، لەوەی دەکرد بیەوێ گوێیەکانم بگرێ و نەیبیستم. ژنی خاڵۆم بێ ئەوەی پێبکەنێ خەیاڵی بۆ شوێنێکی دوور ڕۆیشتبوو، کە من وای بۆ دەچم خاڵەمی لە نەبی یونس و لەباوەشی سۆزانییەکان هێنابێتە بەرچاوی.
نەشمیلی کچەخاڵەم و بێداری قۆز و ماسولکە بەهێزی هاوسەری، لەپاڵ یەکەوە دانیشـتبوون و بە شـەرمەوە پێدەکەنین. بەخێرهاتنم کردن و بەدەم ڕاکشـانەوە باوەشـی خاڵەم کرد، ماچی خاڵۆژنم کرد و دوای ئەوە، یەکڕاسـت بەرەو ڕووی بێدار ڕۆیشـتم، بێ ئەوەی سڵ لە نیگا پڕ غیرەکانی نەشـمیل بکەمـەوە، ڕوومەتم برد ماچ بکەین.

ماچمان کرد. هەستێک لە مندا خرۆشا و بەدەم ماچکردنەوە خێرا و لەپڕ گوتم:

- ئێستا چۆنی؟

ئەویش بەدەم دووەم ماچکردنی منەوە، بەچرپە و کەمێک ترس و خرۆشانەوە گوتی؛

- باشتر لە هەر کاتێک!

نەشمیل فنجانی قاوەکەی دەستی دانایەوە و بەسەرگرانییەوە ماچێکی سارد و پڕ ئاماژەی کردم. ئێمەی ژنان زمانیشمان نەبێ بە هەموو شتێک قسان دەکەین. دەمزانی نەشمیل بۆ ئەوەی دەم بکاتەوە چیگوت، خۆم لێنەبان کرد و بە خەندەیەکی نەخشینەوە بەرانبەر بێدار دانیشتم.

شەوێکی پڕ قسە و پێکەنین گوزەرا. هەموویان، بێئەوەی سەرنجیان پەرت ببێت هۆشیان بەلای قسە بێبڕانەوەکانی خاڵەم ڕاگرتبوو، تەنیا من لاڕێیەکی پڕ پەنهان و دزەڕێیەکی نیگاکردنم گرتبووەبەر، کە کەس هەستی پێنەدەکرد و لەنێو دارستانی چڕی قسان، پێکەنین و تەمی دووکەڵی جگەرەکان پێیدا دەڕۆیشتم و بە نیگا خۆم دەگەیاندە لای بێدار، هەر کاتێکیش هەستم کردبا دەرکی بە سەرنجدانم کردووە، بە مەکرێکی ژنانەی وا تێکەڵی کەشوهەوای ناو هۆڵەکە و قسەکانم دەکردەوە ڕێگە نهێنییەکەی من ونبکاتەوە.

**

هەموویان ڕۆیشتوون، بەڵام هەوای ماڵەکە هێشتا پڕیەتی لە دەنگەدەنگ و قەتیس بووە. دەچمەوە ژوورەکەم و لەبەردەم ئاوێنەکە خۆم ڕووت دەکەمەوە. خەمگین نیم، لەگەڵ ئەوەشدا لەناکاو دەدەمە پرمەی گریان، ماوەیەک دەگریم، نازانم بۆ؟ لەخۆم ناگەم! فرمێسکەکانم دەتکێنە سەر گۆنام و چەند دڵۆپێک دەکەونە سەر مەمکە ڕووتەکانم، بە لەپی دەستەکانم فرمێسکی سەر گۆکانم دەسڕم، ڕەگەزی ژنبوونم کاڵ بووەتەوە، ئەو کاتانەی دەست بە جەستەی خۆمدا دەهێنم، ڕەگەزی خۆمم بیر دەکەوێتەوە.

لەنێو بانیۆکە ڕادەکشێم. هەڵمی ئاوەکە بینایی لێڵکردووم.

سـێبەرەکەم لەمیانی ڕووناکی پشـت سـەرمەوە کەوتووەتەوە سەر جەستەم، سەری سێبەرەکەم لەنێو ڕانەکانم دایە و شپرزە و نائارام دەجووڵێتەوە، ئاوەکە لەگەڵ جووڵەی سەری سێبەرەکەم دەلەرێتەوە، دەنگێکی ورووژێنەری هەیە، دەنگی ئاوەکە هەموو شتێکی لەماڵەکە بێدەنگ کردووە، گومان دەکەم دایکم لەودیوەوە سەری بەدەرگەکەوە نابێت (هەموو جارێک ئەو گومانەم وەڕاستگەڕاوە) ئەمجارەش هەروا:

– مەریەم تۆ باشیت؟

– لەسایەی ئاو! بە پشووسوارییەوە وەڵام دەدەمەوە.

دەبڵمێنـێ، پێـم وایـە جنێوێکی پێـدام، لەدڵی ناگـرم، چەند قسـەیەکی تریـش دەکات، بەڵام چیتـر گوێم لێی نابێ. جەسـتەم شـلدەبێت و بەتەواوی خـۆم نوقمی ژێر ئاوەکـە دەکەم. دەنگەکان لەژێر ئاو کپترن، بەڵام ترسناکتر.

دەنگـی پێکەنینـی جوامێـر تێکـەڵ بـە قیـژەی سـوتانی بووکەشووشـەکانی منداڵیـم دەبـێ. ئاگـر لە ژوورەکـەم بەربووە و بووکەشووشەکانم لەگەڵ گڕی ئاگرەکە شێوەی دەموچاویان دەگۆڕێ. بێدار ڕووتە. لەودیوی بڵێسـەکانەوە سـەمای بالێـی دەکات. کوڕی نانەواخانەکە دەسـتە لووس و گەرمەکەی خسـتووەتە سـەر سکم و دەستەکەی دیکەی خستووەتە ژێر قژم، وەک "ماچی ژیان"م بکات هەناسـەی گەرمم پێدەدات. سـێبەری دایک و باوکم بەسـەر دیواری گەرماوەکـە ڕاڕا و شـڵەژاو دێن و دەچن و بەسـەر هەموو شـتێکدا دەخشێن و بەسەر هیچ شتێکیشدا ناگیرسێنەوە. هەناسەکانی بۆنی نانی برژاویان لێدێ. دوورتر پیاوی نێو پاسـەکە بانگم دەکات «مە ر ییییـە مممم»، هەناسـەی دووراودوور دەگاتە مـن و بە گەروومدا دەڕوات، لە هەناومدا هەستی پێدەکەم. هەناسەم تەنگ بووە، هەست بە دەسـتێک دەکەم، بۆنێکی ئاشـنا، سـێمفۆنیای لیۆش یاناچیک کاسـی کردووم، لە خەویشـدا بێزارم دەکات، دەمـەوێ هاوار بکەم، دەنگم دەرنایەت، دەڵێی دەستێک توووند دەمی گرتووم.

**

- "دووگیانی"

دکتۆرەکـەم ئەمــەی گـوت، هیچـم نەگـوت و هاتمـە دەرەوە، سـەرەتای پاییزە، بەڵام هێشـتا لە دەرەوە خۆر پێسـت دەبرژێنێ. سێبەرەکەم، وەک منداڵێکی وەڕز و ماندوو لەپێشمەوە دەڕوا. سەیری زگی سێبەرەکەم دەکەم، دەزانم چەند مانگێکی تر، بەرز دەبێتەوە، سـێبەرەکەم هێنـدەی تر، گران دەبێـت، دەڵێی گوێم بـۆ ڕوودانی کارەسـاتێک کاسکردوون، دەمەوێ بەرانبەر هەموو دەنگێک هۆشیار بـم، ئۆتۆمبیلـەکان تێدەپەڕن، خەڵک تێدەپـەڕن، کات تێدەپەڕێ، هەمووشیان بەنێو سێبەری مندا.